**کۆڕبەندی دافۆس لە نێوان گوتار و کرداردا**

عەلی مەحمود محەمەد
بەشی دووەم

دافوس 55 ساڵە بۆتە ناوەندێکی کاریگەری بە لۆبیکردنی ئۆلیگارشییەکانی جیهان, بە وتەی خۆیان لە کۆڕبەندەکەیان گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی دەکەن, کەچی ساڵ لە دوای ساڵ بە سەرمایەی زیاترەوە دێنەوە بۆ هەمان شوێن, کەچی هەموو جارەکان لە دوای خۆیان کێشەکان قولتر دەکەنەوە, لە نێوان کۆنگرەی 2019 بۆ کۆنگرەی ساڵی 2022 سەرمایەی ملیاردێرەکانی جیهان 4و7 ترلیۆن دۆلار زیادی کردووە, ژمارەشیان 573 کەس چووە سەر, ژمارەی هەژارانیش 260 ملیۆن زیادیان کرد, لەو لاوە نایەکسانی قولترو ژینگە پیستر و شەڕەکان زەبروزەنگتر و ماڵوێرانکەرتر دەبن, کۆمپانیاکانی بیمەو چەك و نەوت و تەکنەلۆژیا زەبلاحتر دەبن, لە پار ساڵەوە سەرمایەیان لە 13 ترلیۆن دۆلارەوە بۆتە 15 ترلیۆن دۆلار, ژمارەی ملیاردێرەکانی جیهانیش 204 کەس زیادی کردووە, کەچی ژمارەو ڕێژەی هەژارانی جیهانیش لە جێگای خۆیان چەقیون, بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان 733 ملیۆن برسی هەبووە لە جیهان, 2,3 ملیۆن کەس ئاسایشی خۆراکیان نەبووە, کەچی 15 خولەك جارێك ملیۆنێرێك لە جیهان زیاد دەکات.
ئەوان نایانەوێ پەنجە بخەنە سەر سەرچاوەی کێشەکان و گوێ لە بیستنی چارەسەرە ڕاستەقینەکان بگرن, کە هەموو دەردوو بەڵاکان سستەمەکەی ئەوانە, چارەسەریش تەنها سستەمێکە لەسەر بنچینەی هەر کەس بە پێی کارو بەرهەمەکەی ... موچەی بنەڕەتی بۆ هەمووان, ئاشتی و دادپەروەری دامەزرابێت.
ئەوان کار ناکەن بۆ ئەوەی چۆرکەکە گەورەتر بکەن بەشی هەموو مرۆڤایەتی بکات, نەخۆشی و نەخوێندەواری و هەژاری و داگیرکاری چارەسەر بکەن, ئەوان دەیانەوێت چۆرکەکە بە بچووکی بمێنێتەوە لێ هەر بۆ خۆیان بێت, ئەوان باوەڕیان بە هاوکێشەی سفری هەیە بۆ چارەسەر , یان هەموو یان هیچ, هەمووەکەش بۆ خۆیانە.

دافۆس و ڕەوشت
لێرە لەم دافۆسە بەهەشتییە, زۆر باسی ڕەوشت و ئەخلاق دەکەن, کەچی خودی ڕێکخراوی ڕێکخەری کۆڕبەندەکە, کارمەندانەکانی چەندین کەیسی ئاکارییان لە ماوەی ڕابردوو تەقاندوەوە, 6 ژنیان لە کاتی سك پڕیدا ناردۆتەوە بۆ ماڵەوە, بێ مووچەو بیمە لەکار دەریانیان کردووە, جیاکارییان بەرامبەر ڕەش پێستەکان کردووە, پەلاماری سێکسی لە لایەن بەڕێوەبەرە گەورەکانەوە ئەنجامدراوە, ئەمە بەهاو ئاکارو ڕەوشتی ڕێکخەرانی دافوسە کە وانەی چارەسەری بێکاری و ڕەوشت و یەکسانی بە جیهان دەڵێنەوە.
ڕۆژانی کۆڕبەند داڤۆس جمەی دێت لە زەوی ئۆتۆمۆبیلە گران بەهاکان لە ئاسمانیش فڕۆکەی بزنس مانەکان, لە زەوی و ئاسمانەوە ژینگە پیس دەکەن, ستێکی گۆشتی تایبەتی ئەرجەنتینی بە 150 دۆلارو خواردنەوەی مارتینی بە 40 دۆلار دەخۆن و دەخۆنەوە, لەناو هۆڵەکانیش باسی برسێتی و پاکی ژینگە دەکەن.
کلاوس شواب دامەزرێنەری کۆڕبەندەکە دەڵێت: "ئێمە خۆمان لە جیهانێکی دابەش بوودا دەبینینەوە, کە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی قوولی تێدایە، متمانە نەماوەو بە هۆی ئەم دابەش بوونەوە, پێویستە متمانە بگەڕێنینەوە, شواب دیارە لێی تێك چووە یان خۆی لە گێلی دەدات, 55 ساڵە ساڵ لە ساڵی دواتر زیاتر متمانە لاوازتر دەبێت, متمانە کاتێك دێتەوە کە هۆکاری دابەش بوونەکە نەمێنێت,

دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەسەر هەژارو دەوڵەمەند, ژن و پیاو, وڵاتانی باشوور و باکوور....... لێرە چارەسەر ناکرێت.
لە کاتێك کۆنگرەی داڤۆس دەبەسترێت, خاڵێکی سەرەکی کۆربەندەکە ژینگەیە, گۆرانکاری ژینگە ساڵانە هۆکاری مردنی 14,5 ملیۆن کەسە لە جیهان , لەوانە 8,5 ملیۆن کەس بەهۆی لافاوەوە, وشکە ساڵی 3,2 ملیۆن کەس و زیانی 5,12 ترلیۆن دۆلارە لە جیهان تا ساڵی 2050 .
بە پێی داتاکانی رێکخراوی (World Inequality Lab) لە ساڵی 2021, 1%ی هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان بەرپرسن لە دەردانی 17%ی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن, 10%ی هەرە دەوڵەمەندەکەی جیهانیش بەرپرسن لە دەردانی 50%ی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە جیهان, ئەمە جگە لە کارگاو کارخانەکانیان, بەڵایەکی دیکەشیان زیاد کرد, ئەویش دابین کردنی وزەی زۆرە بۆ ناوەندەکانی کۆگاکانی داتا, بۆ کارکردنی زیرەکی دەستکرد.
لە هەمووشی سەیرتر دافۆسییەکان شاگەشکە بوونە بە دەرچوونی ترامپ, لە لایەك باسی ژینگە دەکەن, لە لایەکی دیکە ترەمپ دوای دەستبەکار بوونی یەکەم بڕیاری دەرچوون بوو لە رێکەوتننامەی پاریس بۆ ژینگەو دەرچوون لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی و.......
باسی ئاشتی دەکەن, دەرکەوت مایکرۆسۆفت و گوگڵ بەشدارییان کردووە لە تاوانی جینۆسایدی غەزە و هاوکاری سوپای ئیسرائیلیان کردووە, باسی ئیلۆن ماسك و مانگە دەستکردەکانی مەکەن, فیتنە نییە تێی نەگلێت.

نایەکسانی لە سلیکۆن ڤالی
ئەمانە کە باسی چارەسەری و برسێتی دەکەن, کەچی هەر کۆربەند دەرگاکەی داخرا تا ساڵی داهاتوو, دەست دەکەن بە کەمکردنەوەی هێزی کار و بێکارکردنی کارگەران و کەمکردنەوەی کرێ.
دابەزینی کرێ تەنانەت کرێکاری سلیۆکۆن ڤالیشی گرتۆتەوە, کرێکارێك کە بڕوانامەی ناوەندی نەبێت لێرە 33000 دۆلار لە ساڵێك وەر دەگرێت کە سێیەکی موچەی خاوەند بڕوانامەی زانکۆیە.
بە پێی ئاماری ساڵی 2021, 23%ی کارگەرانی سلیکۆن ڤالی لە خوار پلەی هەژارین, 3% زیاتر لە چاو ساڵی 2019.
کەچی دە گەورە ملیاردێرە یەکەمەکەی جیهان, کە نۆیان ئەهلی سلیکۆن ڤالین, لەم ساڵدا هەر خولەکێك 3,7 ملیۆن دۆلار چۆتە سەر سەرمایەکانیان, رۆژانە هەر یەکەیان 100 ملیۆن دۆلار قازانجیان کردووە, پشکی ئیلۆن ماسك نزیك 6 جاری ئەم داتایەیە.
ئەگەر ئەوان 99%ی سامانیان لە شەو رۆژێکدا لە دەست بدەن, هەر بە ملیاردێری دەمێننەوە.
لە 23 رۆژی یەکەمی ئەمساڵ , 10 یەکەم دەوڵەمەندەکانی جیهان, کۆی گشتی 105 ملیار چووە سەر سامانیان, کۆی سەرمایەکانیان گەیشتە 2,1 ترلیۆن دۆلار.
لە کاتێك چارەسیاریان پێ نییە بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری, کەچی پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی 2027 جیهان ببێتە خاوەند حەوت ترلیۆنێر, کە ئێستا خاوەند 16 ملیاردێری سەروی سەت ملیارین, چواریان لەسەروی دووسەدەوەن, یەك لەوان ئەمڕۆ 434 ملیار دۆلار سەرمایەکەیەتی, ترامپیش مژدەی کەمکردنەوەی 5800 ملیار دۆلار باجی پێیان داوە تا 10 سڵی داهاتوو.
لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین ئێستا ئەم ئۆلیگارشیانەی داڤۆس مەترسین بۆسەر دەستکەوتەکانی رابردووی مرۆڤایەتی, جیهان بەرەو چارەنووسێکی رەش دەبەن, دەستوەردانەکانی ئیلۆن ماسك لە سیاسەت مرۆڤایەتی بردۆتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە, دیموکراسیەتی لیبراڵی بردۆتە ژێر پرسیارەوە.

ماویەتی

009647503714620